کرێکارانی جیهان یەکگرن!

نیشتمانێکی ئازادو
گەلێکی بەختیار
دیموکراسی بۆ عێراق
مافی بڕیاردانی چارەنووس
بۆ گەلی کوردستان

# ڕێگای کوردستان
# REGAY KURDISTAN

یەکەمین ژمارەی بە نێوی (ئازادی)یەوە لە نیسانی ساڵی 1944دا دەرچووە

ژمارە (494)ی ساڵی (57)
دووشەممە (11)ی ئادار (مارس)ی 2002
(20)ی ڕەشەمێ 2701ی کوردی

هەفتەنامەیەکی سیاسییە – ئۆرگانی حزبی شیوعی کوردستان– عێراق




ل2
دچار چوڤێن قوناغا خوە ناساندنێدا


ل4
شێرکۆ بێکەسی شاعیر: دوو سەرۆکی وەزیران و دوو وەزیر بۆ هەر وەزارەتێك


ل5
تیرۆر وەك دیاردەیەکی مێژوویی


ل9
بەیاننامەی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان بە یادی 8ی مارس


## با یادو یادەوەرییەکانی مانگی ئادار بکەینە سەرمەشقی تێکۆشانی ئایندەمان

مانگی ئادار لە مێژووی سیاسی گەلەکەماندا پێگەو مەوقیعییەت و ڕۆڵێکی دیاریکراوی خۆی هەیە، چونکە لەم مانگە گەلەکەمان و جووڵانەوە ئازادی خوازەکەی پێشوازی لە کۆمەڵێك یادو یادەوەری و بۆنەی جۆراو جۆری نیشتمانی و نەتەوەیی و سیاسی خۆی دەکات و لە بەرامبەر هەر یەکێکیش لەم بۆنەو یادانە جۆرێك لە تێڕامان و هەڵوەستە دەکات و وەکو بەشێك لە پێکهاتەی مێژووی سیاسی و کەلتوری خۆی لێیان دەڕوانێت.

هەروەها لەم مانگەدا (11) ساڵ بەر لە ئێستا گەلەکەمان بە ڕابەرایەتی بەرەی کوردستانی توانییان ڕاپەڕینێکی گەورەو چڵۆنایەتی و کەم وێنە لە دژی ڕژێمی دیکتاتۆری و سەرکوتکاری بەغدا بەرپا بکەن و لە ماوەیەکی کورت و دیاریکراودا پانتاییەکی بەرفراوان لەژێر دەسەڵات و قەڵەمڕەوی ئەم ڕژێمەدا ئازاد بکەن دیارە بە تۆمارکردنی ئەم داستانە نیشتمانی و نەتەوایەتییەش هەم توانییان یەکێك لە ڕژێمە هەرە دیکتاتۆرو بەربەرییەکانی ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست بە چۆك دابێنن و زەبرێکی توندی شۆڕشگێڕانەی ئاراستە بکەن و هەم توانیشیان لە ڕێگای یەك ڕیزی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵ و یەکانگیر بوونی خەبات و نەخشەکانی بەرەی کوردستانی و جەماوەری کوردستان لەم ڕاپەڕینەدا ئەو ڕاستییەی بۆ خۆی و هەموو جیهانیش بسەلمێنێت کە یەك بوون و یەك ڕیزی و هەماهەنگی گەلێکی ژێر دەست و چەوساوە چۆن دەتوانێت لە واقیعێکی لەبارو دەرفەتێکی هەڵکەوتوودا لە ڕێگای هەڵمەت و شاڵاوی یەك ڕیزی خۆیدا دیکتاتۆرییەت و دەسەڵاتی ستەمی زۆرداری نیشتمانی و نەتەوایەتی و چینایەتی بە چۆکدا بهێنێت. هەر ئەم ڕاپەڕینە کۆمەڵێك دەستکەوتی گرنگ و پڕ بایەخ و بەهاداری نەتەوەیی و سیاسی و یاسایی و نیشتمانی لێکەوتەوەو ئینجا دواتریش وەکو ئەزموونێك سەرەڕای کۆمەڵێك کەم و کوڕی زۆر لە سەرزەمینی واقیعەکە خۆی چەقاندو بوو بە یەکێك لە هیواو ئومێدە هەرە جوان و گەورەکانی گەلەکەمان لە سەرجەم پارچەکانی تری کوردستان. هەر لە (8)ی مانگی ئاداریشدا ئافرەتانی کوردستانیش شان بە شانی سەرجەم ئافرەتانی جیهان پێشوازی لە ڕۆژی تایبەتی خۆیان دەکەن کە لە مێژوودا بە (8)ی مارس ناسراوەو بە ڕۆژی جەژنی ئافرەتانی جیهانی لە قەڵەم دەدرێت و هەر لەم بۆنەیەشدا زیاتر هەوڵی یەکخستنی تواناو بەهرەکانی خۆیان دەدەن بۆ دەستەبەر کردن و بەدەستهێنانی مافە سیاسی و مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان لە کوردستانی ئازاد کراودا.

هەروەها (11) ی ئاداریش کە هەر دەکەوێتە ئەم مانگە ڕۆژێکی ترو بۆنەیەکی تری نەتەوەیی گەلەکەمانە، کەوا (32) ساڵ بەر لە ئێستا شۆڕشی ئەیلول بە پاڵپشتی جووڵانەوەی دیموکراتی و پێشکەوتنخوازی عێراقەوە توانی ڕژێمی عێراق ناچار بکات بۆ وتووێژکردن و ئاگر بەست لەسەر مێزی دانیشتن ڕووبەڕوو بوونەوە. توانی سەرەتایەکی نوێ و بارودۆخێکی چڵۆنایەتی و بابەتی لە ڕەوشی سیاسی عێراق و کوردستان بهێنێتە ئاراوەو دواتریش کۆمەڵێك دەرەنجام و دەستکەوتی گرنگی لێ بکەوێتەوە، کە لەوانەش دانانی ڕژێمی عێراقە لە ڕووی دەستوری بە بوونی نەتەوایەتی کورد وەکو نەتەوەیەکی خاوەن نیشتمان و خەسڵەت و مۆرکی نەتەوایەتی خۆی و خاوەنی نیشتمانێکیش کەوا کوردستانە. بەڵام دواتریش بەهۆی پابەند نەبوونی ڕژێم بە مەبدەئە بنچینەییەکانی دیموکراسییەت و داننەنان بە مافی نەتەوەکان سەر لەنوێ شەڕی لە دژی شۆڕشی گەلی کوردستان هەڵگیرساندەوەو هەموو ئەو دەستکەوتانەشی خستە سەر لێواری مەرگ کەوا گەلەکەمان و شۆڕشی ئەیلول بە پاڵپشتی جووڵانەوەی دیموکراتی و پێشکەوتنخوازی و قوربانییەکی کەم و گرانبەها بەدەستی هێنابوو. لە دەرئەنجامی ئەو شۆڤێنیەتەو پاشگەز بوونەوەی ئەم ڕژێمەو دواتریش دەستپێکردنی هێرش و پەلاماری سەربازی بۆ سەر کوردستان هەموومان بینیمان کەوا چ کارەساتێکی گەورەو دەرەنجامێکی ترسناکی لێکەوتەوە کە سەرەڕای بە کوشتدانی هەزاران لە ڕۆڵەکانی عێراق و کوردستان و نسکۆ هێنانی ئەم شۆڕشە لە ئاکامی سازشکاری ڕژێمی بەغدا لەگەڵ ڕژێمی پاشایەتی ئێران و پیادە کردنی ڕێبازی خاك سووتان و جینۆساید و ڕەشەکوژی و ئینجا هەڵگیرساندنی شەڕێکی مەرگ هێنەری هەشت ساڵە لە دژی دەوڵەتی ئێران.

(16)ی ئاداریش یادو بیرەوەرییەکی تری خەمناکە کە گەلەکەمان ساڵانە بەو پەڕی ماتەمینییەوە پێشوازی لێ دەکات و کەوا لەم ڕۆژەدا ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدا بە ئاشکراو بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە ڕەهێڵەو شەستە بارانی ژەهری کیمیاوی بەسەر جەماوەری بێ گوناهی ئەم شارەدا هەڵڕشت و لە ماوەیەکی کەمدا (5000) کەس لە دانیشتوانی ئەم شارەی شەهید کرد و ژمارەیەکی زۆریشی لێ بریندارو کەم ئەندام کردن بەمەش ئەم ڕژێمە سیاسەتی کورد قڕان و جینۆسایدی لە دژی گەلی کورد گەیاندە لوتکەی ترسناکی و بە ڕاشکاوی پەردەی لەسەر سیاسەتی ڕق و کینەی پەنگ خواردووی خۆی لە دژی گەلەکەمان لاداو سیاسەتی لەناوبردنی یەکجارەکی و سڕینەوەی هەموو ئاسەوارو مۆرکێکی نەتەوایەتی ڕاگەیاند.

بۆ ل3

## هاوڕێ (کەریم ئەحمەد) سەردانی حزبی زەحمەتکێشان و یەکگرتووی ئیسلامی دەکات و، بەشداری چەندین کۆڕو کۆبوونەوە دەبێت




سەعات (12)ی نیوەڕۆی 2002/3/3 هاوڕێ (کەریم ئەحمەد) سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبمان، حزبی شیوعی کوردستان، بە یاوەری هاوڕێ (سوبحی مەهدی) ئەندامی مەکتەبی سیاسی و، (ئەبو کاروان) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی سەردانی بارەگای حزبی زەحمەتکێشانیان کردو، لە لایەن بەڕێز (قادر عەزیز) سکرتێرو، بەڕێزان (د سەرداروبەهمەن حوسێن) ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پێشوازی کران.

لە لایەکی دیکەوە سەعات (12)ی نیوەڕی 2002/3/6 هاوڕێ (کەریم ئەحمەد) بە یاوەری هاوڕێ (سوهێل زەهاوی) ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزب سەردانی بارەگای یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیان کردو، لە لایەن بەڕێز (سەلاحەدین بەهائەدین) ئەمینداری گشتی و بەڕێزان (محەمەد فەرەج و خەلیل ئیبراهیم و دیندار دۆسکی و زوهێر خۆشناو محەمەد ڕەئووف) ئەندامانی سەرکردایەتی یەکگرتووەوە پێشوازی کران.

لەو سەردانەیاندا هاوڕێ (کەریم ئەحمەد) تیشکی خستە سەر سەردانەکەی بۆ دەرەوەی وڵات، هەروەها تیشك خرایە سەر بارودۆخی عێراق و کوردستان و پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانیش تەئکیدییان لێکرایەوە.

هەر بە مەبەستی تیشك خستنە سەر دوا گەشتە دیپلۆماتییەکەی بۆ چەند وڵاتێکی ئەوروپی، هاوڕێ کەریم ئەحمەد بە یاوەری (ئەبو کاروان و شەپۆل فەتحی کەریم) لەگەڵ ڕێکخستنەکانی حزب لە شارەکانی کەلارو کفری و ڕزگاری و دەربەندیخان کۆبووەوە.

## کاك مەسعود بارزانی سەردانی هاوڕێ عەزیز محەمەد دەکات و، مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش بروسکەیەکی ماتەمینی ئاراستە دەکەن

ڕۆژی 6 / 3 / 2002 (کاك مەسعود بارزانی) سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان سەردانی هاوڕێ (عەزیز محەمەد)یان کرد بە بۆنەی کۆچی دوایی (ئیسماعیل محەمەد)ی برای هاوڕێ عەزیز. کاك مەسعود لەو سەردانەیدا بەو بۆنەیەوە پرسەو سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی هاوڕێ عەزیز کرد و هیوای خواست ئەمە دوا ناخۆشی بنەماڵەکەیان بێت.

شایەنی باسە بەڕێزان (زەعیم عەلی و، مەسرور بارزانی و، کەریم شەنگاری و، سیداد بارزانی) یاوەری کاك مەسعود بوون لەو سەردانەدا.

لە لایەکی دیکەوە، بە هەمان بۆنەوە، ڕۆژی 5 / 3 / 2002 مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بروسکەیەکی سەرەخۆشییان ئاراستەی هاوڕێ (عەزیز محەمەد) کرد کە ئەمە دەقەکەیەتی:.

**بۆ برای بەڕێزمان کاك عەزیز محەمەد**

سڵاوێکی گەرم

بە بۆنەی کۆچی دوایی مام سمایل-ی براتان، پرسەو سەرەخۆشیتان ئاراستە دەکەین. هاوبەشی خەم و پەژارەتانین، تەمەنی درێژی بۆ ئێوەی بەڕێز جێهێشتبێ.

هەر بە بۆنەی کۆچی دوایی براکەیانەوە، ژمارەیەکی زۆری حزب و لایەن و کەسایەتی بە سەردان و بروسکەی ماتەمینی هاوڕێ عەزیزیان بەسەر کردەوە.

## فایلی عێراق

# دەیلی تەلەگراف: سەدام حسێن چەکداری ئەفغانی ناردۆتە باکوری وڵاتەکەی!

# نیویۆرکر: بۆش (15)ی نیسانی داناوە بۆ لێدانی عێراق

## ئەنان و سەبری لە ناوەڕاستی نیساندا کۆدەبنەوە





**سەرچاوەکانی هەواڵ**

ڕۆژنامەی (دەیلی تەلەگرافی)ی لەندەنی لە ژمارەی ڕۆژی شەممەی ڕابردوویدا، ئاماژە بەوە کرد کە هەردوو حکومەتی لەندەن و واشنتۆن فایلێکی تایبەتییان لەبارەی پەیوەندی پتەوی نێوان سەدام حسێن و ڕێکخراوی (قاعیدە)ی ئوسامە بن لادنەوە ئامادە کردووە.

بە پێی هەواڵەکە لەو فایلەدا ئاماژە بەوە کراوە کە سەدام حسێن، ئارامگەیەکی لە باکوری عێراق بۆ چەکدارەکانی قاعیدەو تالیبان دروست کردووە، ئەم زانیاریەش بە ڕێگای مانگە دەستکردەکانی سیخوڕی ئەمریکایی و ئیسرائیلی ئاشکرا کراوە. هەروەها لە فایلەکەدا باس لەوە کراوە کە ئێران بە هاوکاری عێراق چەندین چەکداری ئەفغانییان بە ڕێگای ئاسمانەوە گواستۆتەوە بۆ لوبنان. لەگەڵ ئەوانەشدا لە فایلەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە حکومەتی ئێران هاوکاری عێراق دەکات لە خۆ پڕ چەککردن.

جگە لەوانەش ئاماژەی بەوەداوە کە دەزگای ئیستخباراتی عێراق هاریکاری لایەنە توندڕەوەکانی فەلەستین دەکەن بۆ پەلاماردان و هێرش بردنە سەر ئیسرائیل.

لە لایەکی دیکەوە لەبارەی خۆئامادەکردنی ئەمریکاو بەریتانیا بۆ هێرش کردنە سەر عێراق ئەمریکا (24) فڕۆکەی جۆری (ئاباچی) ڕەوانەی کوێت دەکات و، (دیك چینی) جێگری بۆش لە دوای لەندەن سەردانی (12) وڵات دەکات لە ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست و ماوەی (10) ڕۆژ دەمێنێتەوەو، واش پێدەچێت بابەتی لێدانی عێراق یەکێك بێت لە بابەتە گەرمەکانی. هەروەها کۆبوونەوەی (بۆش- بلێر) بە کۆبوونەوەی لوتکە دادەنرێت بۆ لێدانی عێراق، ئەگەرچی (کۆلن پاول)ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەو بارەیەوە وتی (ئەو کۆبوونەوەیە بۆ لێدانی عێراق نییە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئەمریکا لە ڕژێمی عێراق نادات، چونکە ئەو مەسەلەیە یەکێکە لە ئامانجەکان). هەر لەمبارەیەشەوە گۆڤاری (نیویۆرکەر)ی ئەمریکایی ئاماژەی بەوە کردووە کە بۆش بڕیاری داوە بە هاوەڵەکانی کە لە (15) نیسانی داهاتوو ڕژێمی عێراق بڕووخێنن.

لە لایەن خۆیەوە ڕژێمی بەغدا ڕایگەیاند کە لە ئامادەباشیدایە بۆ بەرپەچدانەوەی هەر هێرشێك کە بکرێتە سەری.

هەر لەبارەی عێراقەوە، ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابردوو کۆفی ئەنانی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و ناجی سەبری وەزیری دەرەوەی ڕژێم لە بارەی گەڕانەوەی لیژنەی پشکنینی چەکە کۆکوژەکان کۆبوونەوە. لە دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکە (سەبری) ڕایگەیاند کە کۆبوونەوەکان ئیجابی بووە. بەڵام (تەها یاسین ڕەمەزان) لە بەغداوە ڕایگەیاند کە ئەوان ڕێگا بە تیمەکانی (سیخوڕی) وەك خۆیان ناوی دەبەن نادەن و، وتی ئەوان کاریان تەواو بووە.

(ئەنان و صەبری) لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە لە ناوەڕاستی نیسانی داهاتوو سەر لەنوێ گفتوگۆ بکەن. بەڵام (تاریق عەزیز) لە دیمانەیەکیدا لە گۆڤاری (دی فیلد)ی ئەڵمانی وتوویەتی (شەڕ لەگەڵ عێراق پەیوەندی بە تیرۆرو مەسەلەی گەڕانەوەی تیمەکان نییە، بەڵکو مەبەستەکە ڕووخاندن و لەناوبردنی ڕژێمەکەی صەدام حسێنە.

لە لایەن خۆشیەوە (چینی) ڕایگەیاند کە (گەڕانەوەی تیمەکان بەس نییە بۆ لێنەدانی ڕژێمی سەدام حسێن).

## سێزدە هەزارو چوار سەدو بیست کەس سنووورداش کران!

بە پێی بابەتێك کە لە هەفتەنامەی گوڵاندا بڵاوکراوەتەوە ژمارەی سنووورداش کراوەکانی ساڵی ڕابردوو سەدو سی و چوار هەزارو بیست کەس بووە، کە بەم شێوەیە بەسەر شارەکانی کوردستان دابەش بوون:

1 - سنووورداشەکانی پارێزگای سلێمانی هەشت هەزارو سەدو چل و نۆ کەس بوون.

2 - سنووورداشەکانی پارێزگای هەولێر دوو هەزارو شەسەدو شەست کەس بوون.

3 - سنووورداشەکانی پارێزگای کەرکوك دوو هەزارو شەسەدو یانزە کەس بوون.

زۆربەی ئەو کەسانە تەمەنیان لە دەوروبەری (20) ساڵاندایەو، ژمارەیەکی زۆری ژن و منداڵیشیان لە نێواندایە.

شایانی باسە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی (2000)دا ڕێژەی سنووورداشەکان زۆرتر بوون، بۆ نموونە سنووورداشەکانی سلێمانی کە گەیەنرابوونە هەولێر لەو ساڵەدا (2340) کەس بوون، بەڵام لە ساڵی (2001) ڕێژەکەیان گەیشتە (8149) کەس.

## کەلار
## 675 پارچە زەوی بۆ کەس و کاری شەهیدان

کاتژمێر (10)ی بەیانی ڕۆژی 7 / 3 / 2002 بە ئامادەبوونی نوێنەرانی وەزارەتی شارەوانی و پارێزگای کەرکوك و شارەوانی کەلارو نوێنەری حزبمان (675) پارچە زەوی لە شارۆچکەی کەلار بەسەر کەس و کاری شەهیدان و کەم ئەندامان دابەشکرا.